# کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد ASK
# پڕۆژەی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان،
# ساڵی دووەم – 2008 ڕاگەیاندنی سێیەم

دوای ئەوەی پڕۆژەی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن ڕێکخراوی ASK لەپڕۆژەی ساڵی (2006–2007)ڕەزامەندیەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەدەستهێنا، بۆیە (ASK) بڕیاریدا بۆماوەی ساڵێکی تر پڕۆژەکە درێژ بکاتەوە، قۆناغی دووەمی چاودێری لە (2007/10/1) دەستی پێکردەوەو تاوەکو (2008/9/30) دەخایەنێت.

## ئەو بەڵێنانەی دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ و نیو هێشتا جێبەجێ نەکراون

1) بەڵێنی ژمارە (2) تایبەتە بە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێم و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان. تاکو ئێستا ئەو بەڵێنە بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە، چونکە هێشتا وەزارەتەکانی (پێشمەرگە، دارایی، ناوخۆ ) یەك نەخراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی پەرلەمان باس لەوە دەکات کە هەوڵی جدی بۆداوە، بەلأم ئەوەی لێرەدا جێی تێبینیەو دەردەکەوێت پەرلەمان نەیتوانیوە هێزی فشار بێت لەسەر حکومەت و حزبەکان.

2) بەڵێنی ژمارە (4) تایبەت بەدیاریکردن و چەسپاندنی سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان. دیارە تا ئێستا کارێکی وای بۆ نەکراوەو هیچ جارێك پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی تایبەت بەو مەسەلەیەی ساز نەکردووەو تا ئێستاش بەڵێنی ژمارە (3) جێبەجێ نەکراوە کە زۆر پەیوەندی بەو بەڵێنەوە هەیە کە تایبەتە بەگەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، ئەگەرچی وادەی شەش مانگ درێژکراوەش بەسەرچوو بەبێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی ڕوون و ئاشکرا هەبێت.

3) بەڵێنی ژمارە (13) تایبەت بە یەکخستن و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکو هێزێکی نیزامی هاوچەرخ و دابینکردنی پێویستیەکانی. دیارە تا ئێستا پێشمەرگە وەکو خۆی ماوەتەوەو پەرلەمان هەڵوێستی ڕوون وئاشکرای دەرنەبڕیوە، لەکاتێکدا هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان پێیان وایە ئەو مەسەلانە پەیوەندی بە ڕێککەوتنی هەردوو حزبی دەسەڵأتدار هەیە و پەرلەمان ناتوانێت ئیشی لەسەر بکات.

4) بەڵێنی ژمارە (19) تایبەت بەدانانی بەرنامەیەکی خێراو بنچینەیی بۆ بنبڕکردنی کێشەکانی (ئاو و کارەباو سوتەمەنی) لە هەرێمی کوردستان و تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆیان. بەداخەوە کە تائێستا ئەو کێشەیە بەردەوامە و جێی نیگەرانی خەڵکی کوردستانە و لەم دواییەدا بووە هۆی ناڕەزایی و خۆپیشاندانی خەڵکی شارەکانی کوردستان. خەڵکی کوردستان نیگەرانن لەوەی کە بە دەیان گرێبەست بە ملیۆنان دۆلار سەرف دەکرێت لەو پڕۆژانەی کە پێویستی سەرەکی خەڵك نین، کەچی مەسەلەی ئاوو کارەبا و سوتەمەنی هەوڵی جدی بۆ نەدراوەو بە کێشەیەکی لاوەکی سەیر دەکرێت.

5) سەبارەت بەبەڵێنی ژمارە (27) تایبەت پەرەپێدان و کاراترکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و ڕێگەوبان و ئاوەڕۆکان. دیارە سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکان خەڵکی نیگەرانن بەو پڕۆژانەی جێبەجێدەکرێن، چونکە بەشێك لەپڕۆژەکان دوای ماوەیەکی کورت شکست دێنن بەهۆی بەکارهێنانی مەوادی خراپ کە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و تێکچونی پڕۆژەکە و زیان گەیاندن بە هاوڵاتیان و پاشانیش بە هەدەر بردنی سەرمایەیەکی زۆری حکومەت کە پەیوەندی بەباری گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، تائێستا پەرلەمان هیچ لێپێچینەوەیەکی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار نەکردووە سەبارەت بەو گەندەڵییەی لە پڕۆژەکاندا دروستبووە.

6) لە دوای دەرکردنی هەر بڕیارێك پەرلەمان بەدواداچوونی نییە بۆ بڕیارەکە و لەجێبەجێنەکردنی هیچ وەزیرێك بانگ نەکراوەتە پەرلەمان.

7) پەرلەمان داوای حکومەتی قبوڵکرد بە درێژکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەبێ ئەوەی لەماوەی دەرکردنی یاساکەدا هیچ هەڵسەنگاندنێك بۆ یاساکە کرابێت، کە دەبوو لیژنەی ناوخۆ ڕاپۆرتی هەبێت لەسەر یاساکە لە ڕۆژی دەرچوونی تا بەرواری کۆتایی هاتنی ماوەی یاساکە.

## ئەو یاساو بڕیارانەی کە تەواو بوون

یاساکانی (ڕێکخستنی مافی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵ، دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، بودجەی هەرێمی کوردستان، یاسای پاراستن وپەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵ، هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرەنگاربونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان، قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن، دابینکردنی خانوی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کوردستان، یاسای پاراستنی ژینگە لەهەرێمی کوردستان، هەموارکردنی یاسای بە کرێدانی خانوبەرە، وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان، درێژکردنەوەی کارکردن بەیاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆر، هەموارکردنی دووەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان). هەروەها هەردوو بڕیاری (دانانی ڕۆژی 4/16 ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ژینگە، پەسەندکردنی بە جینۆسایدناساندنی ئەنفال). هەموو ئەو یاسایانە بەشێك بوون لەبەڵێنەکانی هەڵبژاردن و پەرلەمان لەماوەی ڕابردوودا توانیویەتی کاریان لەسەر بکات، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینی خەڵکە ئەوەیە کە بەشێك لەو بڕیارانە لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ نەکراون، یا تا ئێستا میکانیزمێکی ڕوون و ئاشکرایان بۆ دانەنراوە، ئەگەرچی زۆر پێویستیشن وەکو یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێبوون.

## ڕاو بۆچوونەکانی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی بەڵێنەکان

سەبارەت بە بەرنامەی کاری لیستی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان، کە تیایدا (30) بەڵێن بە خەڵکی کوردستان درابوو لەلایەن حزبە کوردستانیەکان، بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باس لەوە دەکات کە ئەوان لەو بەرنامەیەدا، بێگومان بەڵێنی ئەوەیان بەخەڵك نەداوە کە سەدا سەد ئەو بەڵێنانە جێبەجێ دەکەن، بەڵکو وەکو لە سەرەتای بەرنامەی کارەکەدا هاتووە دەڵێین (تێدەکۆشین) واتا هەوڵی بۆ دەدەین، هەر بۆیە پێی وابوو کە پەرلەمان کەمتەرخەم نەبووە لە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە بۆ نمونە: سەبارەت بە بەڵێنەکانی (1) و (5) و (6) و(7) و(9) و(11) و(14) و(16) و(17) و(18) و(19) و(20) و(22) و (24) و(30)، ئەوەی لەسەر پەرلەمان بووە جێبەجێی کردووە لە دەرکردنی یاسا و ئیشکردن بۆ ئەو بەڵێنانە. بەڵام بەڵێنەکانی (2) و(3) و (4) و (10) و(12) و (13) و (15) و (21) و (23) و (25) و (26) و (27) و (28) و(29)، پەرلەمان ئەوەندەی پێیکراوە هەوڵی جدی بۆ داوەو بۆ هەندێ لەو بەڵێنانە لیژنەی تایبەتمەندی پێکهێناوەو و بەدواداچونی بەردەوامی هەبووە بۆ هەوڵەکان، هەروەها پەرلەمان لە پشتگیری بەردەوامی ئەو لایەنە پەیوەندارانەدا بووە کە پەیوەندییان بە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەوە هەیە، هەر وەك بە گرنگییەوە هەماهەنگی لایەنەپەیوەندارەکانی کردووە. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێی وابوو کە دەبوو لیژنەیەکی تایبەت بە کاروباری گەنجان لە پەرلەماندا هەبوایە کە نوێنەرایەتی داخوازییەکانی گەنجانی بکردایە، بەڵام ئەوە تا ئێستا نەکراوە.

## ڕاو بۆچوونی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لەبارەی بەڵێنەکان

بەڕێز سەعد خالید وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان پێی وایە کە بەڵێنی (1)و(6) و (7) و (22) و(26) و (27) و (29) لە بەرنامەکەدا جێبەجێکراون و بەشێوەی زۆرباش کاریان لەسەر دەکرێ. بەڵێنی (2) دەکرێت بڵێین تا ڕاددەیەك ئیشی لەسەر کراوە، چونکە هێشتا ئاسەواری دوو ئیدارەیی بەحکومەتی هەرێمی کوردستان دیارە. بەڵێنی (3) و (4) پەیوەستن بەیەکەوە، کە هەوڵی جێبەجێکردنی بۆ دەدرێت و هێشتا جێبەجێ نەبووە. بەڵێنی (5) ئاوڕێکی جدی لێنەدراوەتەوە، هەرچەندە ئەم بەڵێنە بەبێ یەکالاکردنەوەی کێشە هەڵپەسارداوەکان و سەقامگیری لە ڕووی سیاسیەوە، وەکو پێویست بەرجەستە ناکرێ. بەڵێنی (8) بۆ بەشی یەکەمی هەوڵدراوە، بەڵام بۆ قەرەبوو کردنەوە هیچ شتێکی بەرجەستە نەکراوە. بەڵێنی (9) ئەوەی پەیوەندی بەکاری تیرۆرستی هەبێت باش جێبەجێکراوەو یاسای تایبەتی بۆ دەرچووە، بەڵام ئەویتر وەکو پێویست دژایەتی نەکراوەو کەمترین ئیشی لەسەرکراوە. بەڵێنی (10) و(11) و (12) هەندێ هەوڵی بەرایی بۆ جێبەجێکردنیان دەدرێ. بەڵێنی (13) یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە زامنی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستانە، جێبەجێ نەکراوە. بەڵێنی (14)و(15) و (18) جێبەجێنەکراوە. بەڵێنی (16) پەیوەستە بەحکومەتی مەرکەزی. بەڵێنی (17) و (19) و (20) و (25) و (28) و(30) هەندێ هەنگاوی سەرەتایی بۆ ئەم خالانە نراوە. بەڵێنی (21) کەمترین ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. بەڵێنی (23) (24) هەندێ هەنگاوی سەرەتایی بۆنراوە، بەڵام هێشتا جێگیر نەبوونە.

## چەند تێبینیەکی گشتی

1) یاسای کرێی خانوبەرە، جێی نیگەرانی خەڵکی کوردستان بوو، چونکە خەڵك پێیان وابوو کە ئەندامانی پەرلەمان باری ئابووری خەڵکیان لەبەرچاو نەگرتبوو، بەڵکو لە باری ئابووری خۆیانەوە سەیری مەسەلەکەیان کردووە.
2) تا ئێستا پەرلەمان نەیتوانیوە چاودێری حکومەت بکات. بۆیە تێبینی دەکرێت کە بەشێك لەئەندامانی پەرلەمان لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی حکومەتدان.
3) لەڕووی دەرکردنی یاساکاندا دیارە لەپەرلەمانی کوردستان هەوڵی جدی دراوە، بەڵام تێبینی دەکرێت کە زۆرجار نەبوونی زانیاری تایبەت لەسەر یاساکان لەلایەن هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان، یاساکان بەکەموکوری دەردەچن، ئەوەش دەبێتە هۆی نارەزایی خەڵك لەو یاسایانە.
4) لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمان ڕووبەڕووی جۆرێك لە ململانێ بونەتەوە بەهۆی پرۆژە یاسای (خەتەنەکردنی مێیینە)، دووەمین خولی پشووی پەرلەمان دێتە پێشەوە و ئەو پرۆژە یاسایە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ناخرێتە ناو بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ، سەرباری جەختکردنی لیژنەکەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر دەرکردنی ئەو یاسایە، بەڵام بە گووتەی بەشێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمان بەهۆی ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان شەرم دەکەن وتووێژی لەسەر بکەن، بۆیە ناخرێتە بەرنامەی کارەوە.
5) باسکردنی بودجە ئەرکێکی گرنگی پەرلەمانە، پەیوەندی بەو بەڵێنانەوە هەیە کە لە کاتی هەڵبژاردن بە خەڵکی کوردستان دراوە، یەکێك لە بەڵێنەکانیش باشترکردنی باری گوزەرانی خەڵك و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانە بۆ خەڵك. دیراسەکردنی بودجە و یاساکەی ئەرکی پەرلەمانە بەمەبەستی پارێزگاری لە سامانی نیشتمانی و ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆدانی و دابەشکردنی بەشێوەیەکی عادیلانە وزانستیانە، بەشێوەیەك دواتر بتوانیت لە ڕێگەی لیژنەکانەوە چاودێری بەدواداچونی چۆنیەتی خەرجکردن و بەکارهێنانی بکرێت. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە تاوتوێکردنی یاسای بودجە لە ساڵی 2008 بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2007 باشتر بوو، هەروەها ماوەیەك زووتر گەیشتە پەرلەمان، چونکە ساڵی 2007 لە مانگی

7 تاوتوێکرا، ئەگەرچی بودجە و یاسای بودجە پێویستە پێش مانگی 11 ی هەر ساڵێك بگاتە پەرلەمان، بەڵام دیسان تا مانگی 3 دواکەوت.

6) (حساباتی خیتامی) پێویستە لە کۆتایی ساڵدا بگاتە پەرلەمان، بەڵام تا کۆتایی مانگی 6 نەگەیشتوەتە پەرلەمان، لەکاتێکدا وەزارەتی دارایی بەڵێنی دابوو تا مانگی 6 بینیرێت و تا ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتەش پەرلەمان هیچ داوایەکی ڕەسمی ئاراستەی وەزارەتی دارایی نەکردووەو بەدوا داچوونی بۆ نەکردووە. لیژنەی دارایی لە پەرلەمان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەشەفەهی چەندجارێك تأکیدیان لەم بابەتە کردووەتەوە.

7) بودجەکە و بەتایبەت بودجەی خەمڵێنراوی هەر وەزارەتێك لەلایەن حکومەت و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پەیوەندارەوە، پاش دیراسەکردنی لەلایەن لیژنەی تایبەتی خۆیەوە لە پەرلەماندا، پەرلەمان مافی خۆیەتی ئەو بڕە بودجەیەی کە حکومەت بۆ هەر وەزارەتێك خەملآندویەتی زیادو کەمی بکات، بەڵام لە تاوتوێکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەم مافە لە پەرلەمان زەوتکرابوو، لەکاتی گفتوگۆی بودجەش لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەماندا لیژنەکان ڕاپۆرتی تێبینیەکانی خۆیان خوێندەوە، بەڵام تەنیا خوێندنەوە بوو هیچ گۆڕانێکی نەکرد.

8) بودجەی وەزارەتەکان پێویستە ئەوپەڕی شەفافیەت و زانستی بوونی تێدابێت، بەڵام لەبودجەی هەرێمدا خاڵی شاراوەو لابەلای زۆر هەبوو کە ڕونکردنەوەیان لەلایەن وەزارەتە پەیوەندارەکان گرنگ بوو، بەڵام نەکرا، جێی ئاماژەیە ئەندامانی پەرلەمان جگە لە ژمارەیەکی زۆرکەمیان نەبێت جەختیان لەسەر ئەوە نەکردەوە کە ڕونبکرێتەوە.

9) لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمان کۆمەڵێك ڕەخنە و خاڵی ڕووبەڕوی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان کردەوە کە دەبوایە حکومەت وەڵامی جدی و بڕیاری دووبارە نەبوونەوەی سلبیاتەکان بدایە، بەڵام هەروا بەڕێکرا.

10)گرفتی سەرەکی لەڕێگەی بودجە و یاساکەی بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ یەکنەخستنەوەی سێ وەزارەتەکەی(دارایی، ناوخۆ، پێشمەرگە) کە یەکێك لە بەڵێنەکانی هەڵبژاردن بوو، بەڵام تائێستا هەر بەڵێنە لەلایەن حکومەت چەند ساڵێکە بەو جۆرە ماوەتەوە، و پێکهاتەی هەردوو حیزبی دەسەڵات لەسەر دابەشکردنی بودجەکە بەڕێژەی(46 بە 54٪).

## ئەو پڕۆژە یاسایانەی تائێستا لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمانەوە ڕاپۆرتیان پێشکەش نەکراوە

1. پارێزگاری کردن لە مافی پاراستنی موڵکداریێتی هزری و هونەری.
2. پڕۆژە یاسای تیشکدانەوە (الاشعاع) ڕاکێشراوەتەوە.
3. یاسای نەهێشتنی قۆرخکردن (احتکار)و پاراستنی مافی بەکاربەر، خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە لە (2007/10/30) بەڵام لەسەر داوای وەزارەتی بازرگانی ڕاگیراوە بۆ دەوڵەمەندکرنی.
4. هەموارکردنی یاسای پارێزەرایەتی کە خوێندنەوەی یەکەمی لە (2007/10/30) بۆ کراوە.
5. پڕۆژە یاسای دەزگای فڕۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان کە خوێندنەوەی یەکەمی لە (2008/3/17) بۆ کراوە.
6. بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربارەی کاری ڕۆژنامەگەی لە کوردستان ژمارە(359)ی ساڵی(2007).

## ئەو پرۆژە یاسایانەی کە ڕەوانەی حکومەت کراوە بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوون لەسەر پرۆژە یاساکان، یان ڕاکێشراونەتەوە، یان دواخراوە

1. یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبونەوە گشتییەکان کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە (2007/12/31) ئێستا ڕاکێشراوەتەوە.
2. هەژمارکردنی خزمەتی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکانی خزمەتی دادوەری، کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە (2007/11/5) ئێستا ڕەوانەی حکومەت کراوە.
3. پرۆژەی یاسای بودجەی حزبەکان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشکراوە لە (2008/4/16) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ڕەوانەی حکومەت کراوە.
4. پرۆژە یاسای دانانی پاسەوانی شەرەف (حرس الشرف) لەسەر میلاکی پەرلەمان (سەرۆکایەتی پەرلەمان جێبەجێی دەکات).
5. هەموارکردنی یەکەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە(26) ی ساڵی (2007) لەسەر داوای حکومەتدوا خراوە.